گفتوگۆ لەگەڵ د.عەبدولکەریم سروش



# لە ئیسلامی شوناسەوە تا سیاسەتی باو

گفتوگۆ: ئەمیر خداپەرست          وەرگێڕان: هەردی مەهدی میکە

***بەڕێز د.سروش، سەرەڕای بەخێرهێنانەوە بەبۆنەی گەڕانەوەتان بۆ ئێران، ئەگەر دەکرێت کەمێك لەبارەی چالاکییە توێژینەوەییەکانتان لەم ساڵانەی دواییدا کە لە ئێران نەبوون، ڕونکردنەوە بدەیت؟***

+ بەناوی خوا، بەندە بە گەڕانەوەم بۆ وڵات و هەروەها هاتنی ئێوە بۆ ئێرە خۆشحاڵ و سوپاسگوزارم.

بە کورتی ئەیخەمەڕوو کە لە شەش ساڵی دواییدا کە لە ئێران نەبووم، دوو ساڵ لە ئەمریکا لە زانکۆی هاروارد، دوو ساڵ لە زانکۆی پرینستون و دوو ساڵی دواتریش لە دەزگای خوێندنەوە باڵاکان لە بەرلین بووم. دەزگای خوێندنەوە باڵاکان، دەزگایەکی توێژینەوەیە کە هەر ساڵێك ٤٠ کەس لە توێژەران لە سەرانسەری جیهان بانگێشت دەکات و جێنشینی بەرلین-یان دەکات بۆ ئەوەی کە توێژینەوە لە بەشە جۆراوجۆرەکاندا بەرهەم بهێنن. بەندە بەشێوەیەکی ئیستسنایی ماوەی دوو ساڵ لەم دەزگایەدا سەرگەرمی لێکۆڵینەوە بووم. کۆڵەکەی سەرەکی لێکۆڵینەوەی من پەیوەست بوو بە ئەندێشەی موعتەزیلەوە و نوێکردنەوەی ئەزمونی ئیعتزال و ئەو پەیوەندیەی کە ئەندێشەی ئیعتزال بە هزر و سەردەمی نوێ پەیوەست دەکات و بەتایبەت لەناو ئەندێشە نوێکاندا، مەسەلەی مافی مرۆڤ و چۆنێتی

بنیاتنانی ئەخلاقێکی سیکۆلار بەرمەبنای ئەندێشەی موعتەزیلەکان، لەم میانەیەدا ئەڵبەتە من کارگەلێکی ترم دەکرد کە شەرحی ئەوانە دوورودرێژە و ئەمە بەشێوەیەکی گشتی.

***- باسی ئێمە لەبارەی ئایین و مۆدێرنێتەیە، بەڕێزتان لەمبارەیەوە زۆر بیرتان کردوەتەوە و توێژینەوەکانی خۆشتان لە نوسینەکانتاندا خستوەتەڕوو، بە ناونیشانی یەکەمین پرسیار بفەرموون پێمان بڵێن بابەتەکانی مۆدێرنێتە کامانەن و چ پەیوەندییەك بە نەریتەوە دروستدەکەن؟***

+ بە روانینی من هەر فەهرستێك کە ئێمە لە نوسینەکان و پێگەکانی مۆدێرنێتە دەستیبیان بۆ ببەین فەهرستێکی کاتی و کەموکورتە. بەو مانایە کە جۆرەکان و بەشەکانی فەهرستەکان دەتوانن بۆ پێگەکانی مۆدێرنێتە دەست بدەن بەڵام پێش ئەوەی من بچمە ناو باسی پێگەکانی مۆدێرنێتەوە، حەزدەکەم ئەم خاڵە لێرەدا بخەمەڕوو و لەسەر ئەوە جەخت بکەمەوە کە لە "مۆدێرنێتە"، لە"نەریت"، لە "عەقڵ" لە "رۆژئاوا" و نمونەی ئەمانە بەم شێوە گشتییە قسەکردن لەسەریان، ئێمە بە هیچ جێگەیەك ناگەیەنن. کاتێك کە ئێمە دەڵێین "عەقڵی مۆدێرن" یان "مۆدێرنێتە" یان"نەریت" یان "عەقڵی نەریتی"، هەموو ئەمانە کۆمەڵە وشەیەکی ناڕوون و گشتین. هۆکاری ناڕوونی ئەوانەش ئەوەیە کە ئێمە مانای عەقڵ یان نەریت یان نوێکردنەوە نازانین. هۆکاری ناڕونیی ئەوەیە کە ئەمانە لەدڵی خۆیاندا یان لەژێر خۆیاندا، دەیان و بەڵکو سەدان داواکاری نهێنیان هەڵگرتووە. کاتێك ئێمە بە وشەیەك یان بە یەك چەمك بەوانە ئاماژە دەدەین یان لەبارەیانەوە داوەری دەکەین و بەرامبەر ئەوانە حوکم دەدەین، دوچاری هەڵەیەك دەبین کە لۆژیکییەکان "منطقیون" بەو هەڵانەی ئێمە دەڵێن "کۆکردنەوەی مەسەلەکان لەناو یەك مەسەلەدا". واتە دەیان مەسەلە لە ناو یەك سندوق و لە ناو یەك هەمبانەدا هەڵڕشتن و هەموویان یەك حوکمیشیان بەسەردا بدرێت و لەم رێیەشەوە زەین پەرێشانکردن و فەزای داوەری کردنیش وێران دەکەن. من حەزدەکەم لەم کورتبڕی و ناڕوونییانە حەزەر بکەم. و لەسەر بنەمای ئەو حیکمەتەی کەلە ئینجیلدا هاتووە کە دەڵێت: "درەختەکان بە بەرهەمەکانیاندا بناسە" باوەڕم وایە چ بۆ "نەریت"، چ بۆ "مۆدێرنێتە"، چ بۆ "رۆژئاوا" و چ بۆ هەر چەمکێك کە لەم بابەتە بێت نابێت بە یەك شوناسی سەربەخۆ قایل

بین، بوترێت کە خوداوەند شتێکی بەناوی مۆدێرنێتەوە هێناوەتە بوون یان لە دڵی مێژوودا شتێك، بوویێك، لەخۆوە بەم ناوەوە هاتوەتە دەرەوە، نابێت ئەم کارە بکەین. کەموکوڕیەکانی بخەینەڕوو. ئێمە دەبێت ئەمانە لەروی میوەکانیانەوە بناسین. بە بڕوای من "عەقڵ" شتێك نییە (لانیکەم کاتێك کە دەمانەوێت لە بارەیەوە داوەری بکەین) جگە لە بەرهەمانەی کەلە عەقڵەوە دێنەدەرەوە، هەروەك چۆن "نەریت"یش شتێك جگە لەمە نییە، هەروەك چۆن "مۆدێرنێتە" شتێکی جگە لەمە نییە. واتە بە روانینی من "عەقڵ" یەکسانە بە بەرهەمەکانی عەقڵ، واتە یەکسانە بە فەلسەفە و زانست و ئەخلاق و سیاسەت و تەکنۆلۆژیا و ئەتەکێت و ڕێوڕەسمەکان و شارسازی و بیناکاری و زمان و پیشەسازی و ... تەواوی ئەمانە لە بەرهەمهاتووەکانی عەقڵن. واتە ئەگەر مرۆڤەکان عاقڵ نەبوونایە ئەم جۆرە بەرهەمانەیان نەدەبوو و لەم جۆرە کارانەشیان لە بۆتەی مێژوودا ئەنجام نەدەدا و سەرەنجام مێژووی مرۆڤایەتی بەم جێگەیە نەدەگەشت. ئەگەریش دەڵێین عەقڵ گۆڕاوە بەڵگەی ئەوەیە کە ئەم بەرهەمانەش گۆڕاون. واتە ئێوە دەبینن کە فەلسەفە دەگۆڕێت، زانست دەگۆڕدرێت و ..تاد. ئەمە بەو مانایە دێت بە دەربڕینی پۆست مۆدێرنەکان "عەقلانیەتێك"مان نییە، "عەقلانییەتەکان"مان هەیە. هەریەك لەمجۆرە داوەریانە بۆ بەرهەمەکانی ئەمانە دەگەڕێنەوە. ئەگەر وادابنێین و بڵێین کە دایکی ئەم بەرهەمانە هەموویان عەقڵە، هیچ شتێك وننابێت. ئێمەین و مناڵەکانی ئەو دایکە، ئەو مناڵانە هەر ئەوانەن کە ناوم بردن و لەناو ئەو لیستەدا دەتوانین ناوی مناڵی تریشی بۆ زیاد بکەین. هەمان ماجەرا بۆ بابەتی مۆدێرنە و نەریتیش دەگونجێت. ئەم هەڵەیە، هەڵەیەکە کە مێژوونوسان بەو هەڵەیە دەڵێن (personification)، واتە کەسێتی بەخشین بە کارێك کە کەسێتی نییە. هەمانکارییان سەبارەت بە مێژووش ئەنجامداوە. دەوترێت کە مێژوو کەستێتییەکە کە تەواو نییە و روداوەکان دروست دەکات و لەخۆوە دەڕوات یان لە شەقامێکدا لادەدات و نمونەی ئەمانە... دۆستێکم هەبوو کە ئێستا کۆچی دوایی کردووە، ئەو بۆ وانەکانی فەلسەفەی مێژوو کە دەموتنەوە دەهات و دەهاتە لام و بۆ گاڵتە دەیوت: "فلانی! ئێمە خەریکە لەژێر تایەکانی مێژوودا دەپلیشێینەوە" ئەم دەستەواژەیە "پلیشانەوە لە ژێر تایەی مێژوودا" پەیوەستە بەو

مەزهەبە فکریەی کە کەسێتی بە مێژوو دەدا و لەکاتێکدا ئەو ئەوی وەك یەك شەمەندەفەر یان یەك ئۆتۆمبێل دەچواند کە تایەی هەیە و کەسانێك سواری بوون و کەسانێك پیادە ڕەون و کەسانێکیش لەحاڵی هاوارکردندان و لەژێر تایەکاندان و بەوشێوەیە..تاد. من حەزدەکەم هەر لەم سەرەتایەوە ئێوە و خۆمان لە هەڵەیەکی لەم جۆرە بەدوور بگرین و ئەوە بڵێم کە ئێمە لەبنەڕەتەوە نابێت لە "نوێکردنەوە" یان "مۆدێرنێتە" ئەم جۆرە وێنایەمان بۆی هەبێت. من ئەمەم بۆ ئەوە خستەڕوو کە ئێوە بەو نوسینانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا، لەهەمان ئەم دەساڵەی دواییدا، کە لە ئێران بەرهەمهاتوون سەیر بکەیت، ئەوە دەبینیت کە ئەم هەڵەیە چەندە personification بەهێزە. "مەتەڵ کە حەل بکرێت، ئاسانە". هەمان ئەوەی کە ئێوە باستان کرد و بیهێننە کەنارەوە و وریایی بدەن و بڵێن کە "ئاگادار بن هەڵەیەکی لەو جۆرە نەکەن!"، هەمووان دەڵێن کە ئێمە مەبەستمان ئەوە نەبووە کە "مێژوو" یان "مۆدێرنێتە" کەسێکە یان کەسێتییەکە. بەڵام حەقیقەت ئەوەیە کە لە داوەرییەکاندا هەڵەیەکی لەم جۆرە رویداوە و روودەدات و دەبێت بە وشیاری تەواوەوە لەم جۆرە هەڵانە حەزەر بکرێت. من بەشی کۆتایی "خردنامە"م لە پاری نەریت و نوێکردنەوەم دەبینی، دەتوانم لەم بڵاوکراوەیە بۆ ئێوە چەندین رستەتان بۆ بهێنم و ئێوە ببینن کە ئەگەر ئەو جۆرە ئەندێشەیەی کە من ناوم لێنا لەکاردا نەبووایە، زۆرێك لەو رستە و دەستەواژانە ئەسڵەن بڵاو نەدەکرانەوە. ئەگەر ئێوە ئەو هەڵانە لابەن، ئەو رستانە لەبنەڕەتەوە بەتەواوی بێمانا دەبن. بۆ نمونە چەمکی "تصلب سنت"! "تصلب سنت" واتای چییە؟ مەگەر ئەوەی ئێمە بۆ نەریت یەك روانین و کەسێتییەك و ناوەڕۆکێك و روخسارێك رازی بین و پاشان جۆرە چەمکێکی لەم شێوەیە بدەینە پاڵی. ئەمە لەگەڵ "تایەکانی ماشینی مێژوو" یان "زبڵدانی مێژوو" هیچ جیاوازییەکی نییە و هەمان مانا و گریمانەی لە پشت سەریەوە هەیە. رەنگە لە کۆتایی ئەم گفتوگۆیەدا بەشێك لەم رستانە بۆ ئێوە بخوێنمەوە تا ئەم خاڵەی کە دەیڵێم بۆ ئێوە رونتر ببێتەوە. گومانی ئەوە نەکەن کە ئەمە تەواو توندگیرییەکی بەهەڵەداچووی لۆژیکییە. ئەسڵەن بەم شێوەیە نییە، وەك خوێن لە هزر و گوفتاری بەشێك لە خاوەن بۆچونەکاندا بوونی هەیە و قسەکانی ئەوان تێکەڵی خوێن بوون. ئەبێت لەم ناپاکییە پەرێز

بکرێت. بەم بەڵگەیە من لە بنەڕەتەوە ئارەزووی ئەوەم نییە کە لە شتێك بەناوی "تجدد" نوێگەری قسە بکەم. بە گومانی من شتێکی لەجۆرە تەنیا لە دەربڕینی دەربڕەکان و لە وەهمی خاوەن وەهمەکاندا بوونی هەیە. ئێمە کاتێك لە "نوێگەری" قسە دەکەین، پێویستە ببینین کە "ئایا لە فەلسەفەی نوێ قسە دەکەین؟"، "ئایا لە زانستێکی تازە قسە دەکەین؟"، "ئایا لە ئەخلاقێکی نوێ قسە دەکەین؟"، "ئایا لە سیاسەتێکی نوێ قسە دەکەین؟"، "ئایا لە شارسازییەکی نوێ قسە دەکەین؟"، "ئایا لە گروپە ئاینییە نوێکان قسە دەکەین؟" و نمونەی ئەمانە. بەڵام شتێك بەناوی "نوێگەری" من زۆر دەرکی ناکەم کە بە چ مانایەکە.

***- وابزانم ئێوە لە بارەی "رۆژئاوا" شەوە چەندین ساڵ پێش جۆرە وشیارییەکی لەمشێوەیەتان لە کتێبی "تفرج" دا دابوو.***

+ بەڵێ، ئافەرین.

***- ئێوە ئێستاش بەو دیدگایەتانەوە دەڕوانن، لەسەر ئەو بنەمایەی کە دەبێت ئێمە لەبارەی مۆدێرنێتەوە هەڵبژێرین؟ ئایا ئەم هەڵبژاردنە دەکرێت یاخود دەبێت "تەواوی مۆدێرنە" وەرگرین؟***

+ بۆ خستنەڕوی ئەم پرسیارە دەبێت هەندێك صەبر بکرێت. بەڵام بۆ ئەوەی پرسیارەکەی ئێوە بێ وەڵام نەهێڵمەوە، پێویستە بڵێم کە هەمانشێوە لەو باوەڕەدام کە ڕێگەیەك جگە لە ئەزمونکردن بوونی نییە. هەموو ئەوانەی کە ئەزمونکردن ڕەتدەکەنەوە لە کردەوەدا ئەزمونگەران لەبەرئەوە لە کردەوەدا هیچ ڕێگەیەکی تر بوونی نییە. سادەترین بەڵگە و سەلماندنیشی ئەوەیە کە ئێمە فەلسەفەیەکی نوێمان هێناوەتە زانکۆکانمان. ئێمە بەشێك لە مۆدێرنێتەمان وەرگرتووە. ئێمە زانستی تازە، تەکنۆلۆژیای نوێ وەك کۆمپیوتەر، تەلەفۆن، فرۆکە و سەدان ئامێر و ئالەتی ترمان هێناوە و سودمان لێوەرگرتوون. مەگەر ئەوەی ئێوە بگەڕێنەوە بۆ هەمان ئەندێشە و بڵێن کە ئەمانە هیچکامیان "مۆدێرنێتە" نین. "مۆدێرنێتە" شتێکی ترە، رۆحێك، حەقیقەتێك، بوویەك لەپشت سەری ئەمانەوە هەیە. من

ئاگایەکم لەوە نییە و لەو باوەڕەشەدام کەسانێکیش هەن کە لەم قسانە دەکەن کە ئاگایەکیان لەوبابەتەش نییە! تەنیا یەك دەستەواژەی خاڵی لەماناکەی بەکاردەهێنن کە دەبێتە مایەی پەشێوکردنی زەین. بەهەرحاڵ پێشنیاری من لەم باسەدا، ئەوەیە کە بەشێوەی فەیلەسوفە شیکارییەکان، بەرلەوەی کە بە خستنەڕووی وەڵام هەڵسین، پێویستە بە شیکردنەوەی پرسیارەکە هەڵسین. ئەگەر پرسیارەکە دروست نەخرێتەڕوو، ئەوا ناشگەینە وەڵامێکی دروست. بۆ وەڵامی پرسیار پێویستە بۆ سۆراخی ئەو چەمکانە بڕۆین کە لە پرسیارەکەدا حەشاردراون. ئێمە لێرەدا سێ چەمکمان هەیە: "پەیوەندی - نسبت"، "ئاین" و "نوێگەری". هەموو قسەکانی منیش سلبی نین. واتە سەرفکردن deconstruction و پەرت پەرتکردن نییە بەڵکو چەند لایەنێکی ئیجابیشی هەیە. کاتێك من دەڵێم ئاگامان لەوە بێت کە نەبادا واژەی نوێگەری شوناسێك و بوونێکی سەربەخۆ بسازێنێت کە لە جیهانی واقعیدا بوونی نەبێت لەم شوێنەشدا ناوەستم و پێشنیار دەکەم کە "نوێگەری" شتێك نییە جگە لە بەشێکی کاروبار کە تازە رویداوە. ئەڵبەتە لەسەرو ئەمەوە کە "نوێ" نییە، دیسان دەبێت بابەتێك بکەینەوە و بڵێین لەکێ و لە کوێ؟، چونکە بەندە دیسان لە راستیدا باوەڕم بە بچڕانی موتڵەقی مێژوویی نییە گەرچی لەوباوەڕەدام روداوی گەورە لە مێژوودا رویداوە و کاتێك ئێوە دوابەرهەمەکانی ئەم روداوانە لەبەرچاودەگرن، لەوەی کە پێشتر بوونیان هەبووە جیاوازی گەلێکی زۆر دەبینیت. کاتێك ئێوە فرۆکەکانی جۆری جێت بەرارود دەکەیت بە ئاژەڵەکان یان (مرکب ها) یان گالیسکەکان کە لە رابردوودا هەبوون، گۆڕانێکی گەورە دەبینیت. بەڵام کاتێك ئێوە گەر بڕۆنە دڵی مێژووی تەکنۆلۆژیا و مێژووی زانستەوە، پەیوەستی ئەوانە بەروونی دەبینیت و بەو جۆرە نییە کە دوای گالیسکە، بە یەك قۆناغ فرۆکەی جێت دروست بوو بێت. لە دنیای هزرەکان و زانستەکان و فەلسەفەشدا بە هەمانشێوەیە. بە هەرحاڵ، لەم چیرۆکی "پچڕان"ە پێویستە زۆر بە پڕتفاقەوە بەرخورد بکرێت. ئەگەر لەم بابەتە گەڕێین و بە پێی بڕیار و بە ئاراستەی ئیعتباری، دەسپێکی رێنسانس لە خاڵێکی تایبەتەوە بزانین و پێش ئەو "سەردەمی پێش مۆدێرن" و پاش ئەوی "سەردەمی مۆدێرن" بزانین، ئەوکاتە ئەم سەردەمی مۆدێرنە بەرهەمگەلێکی هەیە کە

لەبارەی هەریەك لەو بەرهەمانە دەتوانین گفتوگۆ بکەین. بەندە سوننەت "نەریت" بە مانای "پێش نوێگەری" دەزانم و سەردەمی پێش نوێگەریش هەمان حوکمی هەیە کە سەردەمی نوێگەری هەیەتی. ئێمە شتێکمان بە ناوی "نەریت" کە مایەی شناس و چییەتی بێت، نیمانە، بەڵکو "فەلسەفەی پێش مۆدێرنە"، "ئاینی پێش مۆدێرنە"، "زانستی پێش مۆدێرنە"، "ئەخلاقی پێش مۆدێرنە"و شتی ترمان هەیە. ئەگەر بەمشێوەیە بێت لانیکەم پرسیارەکەمان رون دەبێتەوە و ئێستا نۆرەی وەڵام دێت.

- ئەگەر ئێمە لەهۆکاری ئەم بەرهەم و دەستکەوتانەی مۆدێرنێتە بکۆڵینەوە و هۆکاری ئەوانە لەبەرچاوبگرین و بەمشێوەیە بەم رەوتە بەرەو پێشەوە برۆین، دەتوانین یەك یان چەند هۆ یان چەند هۆکارێکی دیاریکراو بۆ مۆدێرنێتە بدۆزینەوە؟

+ پرسیارێکی باشە. سەیرکە! لێرەدا دوو شت پێکەوە تێکەڵ دەبن. ئێمە دەکرێت لە نێو دەستکەوتەکانی مۆدێرنێتەدا بگەڕێین و خاڵی هاوبەشی نێوان ئەمانە ببینین و ئاگاداربین کە شتانێك لە بابەتی فەلسەفە و هونەر و ئەوانیتردا، بۆ نمونە لە سەدەی ١٨ بەمشێوەیە لە ئەوروپا لەدایکبوون، خاڵی هاوبەشیان هەیە. دەکرێت ئەم هاوبەشانەیان (وا دابنێین کە ئەمانە پەیدا دەکەین و ئەڵبەتە هیچ کاتێك تەواوی ئەمانە ناتوانرێت پەیدا بکرێن) ناویان بنێین بنەماکانی مۆدێنێتە. بەڵام لە جیاوازی نێوان بنەما و هۆکار دا هەیە. چونکە ئەگەر ئێوە بەدوای هۆکاردا برۆن، پێویستە بۆ جیهانی پێش مۆدێرن بگەڕێنەوە. لەبەرئەوەی ئەو هۆکارە، لەوێوە سەرچاوەی گرتووە. لە کۆتاییدا پێویستە رایبگەیەنێت کە "نەریت هۆکاری مۆدێرنێتەیە". بە شتێك لەمە زیاتر ناگەین و ئەمەش هەمووی بەدەستهاوتوویەکی گەورە نییە. بەڵام ئەگەر بمانەوێت بگەین بەوەی کە مەبەستی ئێوەیە، پێویستە هاوبەشەکانی نێوان ئەم بەرهەمانە، یان بە وتەی ویتگنشتاین وێکچووەکانی نێوان ئەم منالانە بدۆزینەوە و ئەوکاتە بڵێین کە شتێك هەیە کە لە تەواوی بەرهەمهاتووەکانی مۆدێرنێتەدا هاوبەشە و ئەوانە بە بنەما یان پێگەی مۆدێرنێتە لەقەڵەم بدەین. بەڵام بە هەمانشێوە کە خستمەڕوو پێویستە بزانین کە یەکەم: ئەگەر دەستەواژەی پێگەکان یان بنەماکانی مۆدێرنێتە

بەکاردەهێنین، ئەوا وەك مەجاز بەکاریاندەبەین، حەقیقی نییە. واتە چییەتییەکمان "ماهییەت" نییە کە کۆڵەکانی هەبێت بەڵام ئەمانە لە ڕێگەی پێوانەکردن و دۆزینەوەی روخسارە هاوبەشەکان بەدەستدەهێنین، دووەم ئەم (لیستکردنی بنەماکان) فەهرەستە هەمیشە فەهرەستێکی پەلەکارییە. ناتوانرێت پەنجە بخرێتە سەر هیچ ڕەگەزێك و بوترێت کە ئەمە یەکێکە لەوان گرنگترە. ئەوەی لە نوسینی نوسەرەکان لە بابەتی مۆدێرنێتە بەرچاودەکەوێت، یەکێکیان هەڵەی personification و ئەویتریان شێکاری تاك مامەڵەییە لەگەڵ مێژوودا. دەوترێت یەك فاکتەری سەرەکی بوونی هەیە کە مۆدێرنێتە لە پێگەی کەسێکدا لای ئەو جێگەی گرتووە و دانیشتووە یان رۆحی ئەو کەسە مۆدێرنە و دواتریش لەسەر ئەم تاکە فاکتەرە داوەری دەکات. هەندێك دەڵێن کە ئەم تاکە فاکتەرە هیومانیزم یان مرۆڤگەراییە. هەندێکیش دەڵێن ستەمە، ئیرادەیەکی پەیوەستە بە هێزەوە، عەقلانییەتێکی رەخنەگرانەیە، گۆڕانی وجودی مرۆڤە و .... بە روانینی من هەندێك لەمانە دەکرێت راست بن، بەڵام نەك وەك پێگە و زاتییەتی مۆدێرنێتە، بەڵکو بە پێگەی ڕەگەزێك کە لەمیانەی پێوانەکاری و هەڵسەنگاندنی مۆدێرنێتەوە بەدەست دێت و خاڵێکی هاوبەشە کە لەناو ئەوانەدا کەم تا زۆر دەتوانرێت ببینرێت. بۆ نمونە بانگەشەی ئەوەی کە لە تەواوی بەرهەمەکانی مۆدێرنێتەدا (واتە فەلسەفە و زانست و هونەر و ئەخلاق و ....) هیومانیزم بوونی هەیە و دانیشتووە تێیاندا، بانگەشەیەکی بێباکانەیە مەگەر ئەوەی مرۆڤ لە ساتە زانستییەکانیدا دوچاری لە خۆبایبوون بێت. بە بڕوای من ئەوەی لە سەردەمی مۆدێرنێتەدا پەیدابووە، زۆر لەوە هەچەشنترە کە بتوانین بە یەك فاکتەر روونی بکەینەوە. یەکێك لە نوسەرەکان نوسیبووی کە هیومانیزم لە تەواوی ئەو رۆمانانەی کەلە رۆژئاوا نوسراون ئامادەیە، من لە وەڵامی ئەودا نوسیوم کە "ئایا ئێوە هەموو رۆمانەکانی رۆژئاواتان خوێندۆتەوە؟!"، "ئایا ئێوە هەموو ئەو رۆمانانەی کە لە دواتردا دەنوسرێن، ئاگادارن؟!"، مرۆڤ دەبێت زۆر لە خۆی رازی بێت تا ئەم جۆرە قسانە بکات، مەگەر ئەوەی بگەین بەیەك تۆتۆلۆژی و بڵێین کە "مەبەستی من هەمان ئەو رۆمانانەیە کە لەواندا هیومانیزم ئامادەیە" کە لەو شێوەیەدا: "رۆمانگەلێك کە هیومانیسمیان تێدا ئامادەیە، لەوانەدا هومانیسم

ئامادەیە"! من بە هیچ شێوەیەك تێناگەم کە ئەم هیومانیسمە لە زانستی فیزیادا چۆن جێگەی خۆی گرتووە! لە کیمیا و بایۆلۆژیدا چۆن جێگەی بووەتەوە! لە راستیدا بۆ من هێشتا نادیارە. نادیارە هەم بە بەڵگەی ئەوەی کە خودی خۆم بەوانە نەگەشتووم و هەم بە بەڵگەی ئەوەش هیچ کەسێکیتریش ئەوانەی شیکار نەکردووە. من هیچ نوسراوێکم یە شێوەیەکی ورد و دەقیق نەبینوە، لە رووی فەلسەفی و زانستییەوە نیشانی دابێت کە هیومانیسم چۆن لە زانستی فیزیادا جێگەی خۆی گرتووە. ئەمانە هەموویان قسەی بێ دیققەت و بە خۆ ئالودەبوونن کە وتراون و ئەوانیتریش بە تەقلید دوبارەیان دەکەنەوە و کەسێکیش نییە کە یەخەی ئەوانە بگرێت کە ئەم قسانە دەکەن و بڵێت ئێوە بە میصداقییەتەوە بکۆڵنەوە و نیشانی بدەن کە لە فلانە راستیدا، فلان رۆح کە ئێوە باوەڕدارن پێی هەیە، چۆن کاریگەری جێهێشتووە و چۆن جێگیربووە. بە بڕوای من، نەریت و نوێگەری دوو چەمکی هاوبەند و پێکەوەیین. بەم مانایە کە ئەگەر یەکێك لەوان وەرگرین، تەکلیفی ئەوی تریش رون دەبێتەوە. چونکە هەمانشێوەی کە وتم ئێمە "نوێگەری" بەسەردەمی نوێ و لەوەش رونتر بەرهەمەکانی سەردەمی نوێ و "نەریت"یش بە بەرهەمەکانی سەردەمی پێش مۆدێرن دەناسین. هەریەك لەمانە بگرین ئاسایی ئەویتریش دەناسێنێت.

***- بە هۆی سەختی توێژینەوە لە ریشەکانی مۆدێرنێتەوە بووە کە نوسەرەکان زیاتر پەنایان بۆ میوەکانی مۆدێرنێتە بردووە؟***

+ نەخێر، من ئەسڵەن باوەڕم وایە باسکردن لە ریشەکانی مۆدێرنێتە دیار نییە، باسکردنێکی راست و ئەنجام بەخش بێت. ئێمە پێویستە دەرکمان لەسەر سونەت (نەریت) و مۆدێرنێتە بگۆڕین. ئەم چەمکانە، چەمکگەلێکی سادەترن لەوەی کاتێك خۆیان دەردەخەن، وەك ئەوەی هەن. ئیتر دەبێت وەدەستهاتوەکانی مۆدێرنێتە لەبەرچاو بگرین و دواتر ئەگەر توانیمان ئەوەی کە لەنێوان ئەمانەدا هاوبەشە پەیدایان بکەین. ئەمە کارێکی ئەزمونی درێژ ماوەیە. واتە بوێرییەکی زۆری دەوێت کە کەسێك بڵێت رۆحی فەلسەفەی مۆدێرن دەزانێت یان رۆحی هونەری مۆدێرن دەزانێت. دەکرێت ئێمە لەم زەمینەیەدا پێشنیار یان چەند گریمانێکی کاتی و بەپەلەمان هەبێت بەڵام لە رۆحی ئەمانە "ووتن" زۆر دژوارە. باشە ئەگەر

ئێوە فەلسەفەتان زانی، زانست چۆن؟ زانستتان زانی، هونەر چۆن؟ هونەرتان زانی، ئەخلاق چۆن؟ سیاسەت چۆن؟ و .... لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە هەمەچەشنییەك كە لە دنیای مۆدێرندا هەیە مۆڵەت بە ئێمە نادات كە هەموو ئەمانە بزانین و یەك حوكم لەوبارەوە بدەین. ئەم بابەتی historically كە ئەمڕۆ لە مێژوونوسین و فەلسەفە و پۆست مۆدێرنیزمدای دەخرێتەڕوو، بە گومانی من لایەنی ڕۆشن و سودبەخشی هەیە. مەبەست لە historically ئەوەیە كە ڕوداوەكان بە هەمان تایبەتمەندی و دۆخی مێژوویی-فەرهەنگییەوە كە هەیانە ببینین و هەوڵ نەدەین كە ئەم تایبەتمەندیانە لابەرین و وەك میوەیەك ئەو پاك بكەین و بە ناواخن و ناوك و جەوهەرەكەی بگەین و دوای ئەمە ناواخن و ناوك و جەوهەرەكە بە شێوەیەكی سەرووتر لە مێژوویی بۆ هەموو جێیەك بگشتێنین و چەمكێك لە مۆدێرنێتە بسازێنین كە گوایە بوویەكی ئەزەلی و ئەبەدییە و هیچ تایبەتمەندییەكی مێژوویی و جوگرافیایی نییە. وەك دەڵێن زاتێك بێت كە لە هەموو جێیەك بە یەكسانی پەیدادەبێت و چاوپۆشی لەوە بكەین كە ڕوداوێكی دیار بووە لە كات و شوێنێكی دیاریكراو بەو تایبەتمەندیانەی كە هەیەتی. "نەریت"یش هەر بەمشێوەیەیە. یەكێك لە هۆكارەكانی ئەم كارەش ئەوەیە كە لە بنەڕەتەوە مێژوو، كایەی كارگەلێكی مومكینە نەك كایەیەكی كارە پێویستیەكان (ضروري). ئەوەی لە ئەوروپا ڕویداوە ڕوداوێكی مومكین بوو نەك ڕوداوێكی پێویست (ضروري)، دەیتوانی شتێكی تر بێنێتە ئاراوە. لەبەرئەوە بۆ مۆدێرنێتە ڕازی بوون بە زاتیبوون و ئەو زاتەش لە سەروو مێژووەوە بینین و بەهەر شێوە وێناكردنێكی لەم شێوەیەش پێویستە بخرێتە كەنارەوە. بە ڕوانینی من باشترین ڕێگە لێرەدا، میتۆدی تەجریبی، ئیستقرایی، نومینالیستی، مێژوویی و پارتیكۆلاریستی-یە، واتە وردبونەوە لە تایبەتمەندی و خاسیەت و هاوبەشەكانی میوەكان و بەرهەمهاتووەكان، تەنیا ئەمە و بەس.

- بەڕێز دكتۆر، ئەم مۆدێرنێتەیە كە ئێوە ناوەڕۆكێك بۆ ئەو لەبەرچاو ناگرن، ئەی بۆ نەریت (سوننەت) چی دەكەن؟

+ من لە بری ئەوەی بچمە سەر وەڵامی پرسیارەكەی ئێوە، دیسان دەچمە سەر شیكردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئەم پرسیارە. مەسەلەكە سادەتر لەوەیە كە لەسەرەتادا

دێتەبەرچاو. کاتێك کە ئەو پرسیارە رونتر دەبێتەوە، ئاسانتر دەبێت. ئەوەی کە "مۆدێرنێتە لەگەڵ نەریتدا چیدەکات؟"، بە گومانی من رێی راستی خستنەڕووی پرسیارەکە نییە. هەمانشێوەی کە ووتم مۆدێرنێتە واتە فەلسەفەی مۆدێرن، ئەخلاقی مۆدێرن، سیاسەتی مۆدێرن و .... من چەندین جار ئەمە دوبارە دەکەمەوە تا بگاتە جێییەك. نەریتیش واتە فەلسەفەی پێش مۆدێرن، هونەری پێش مۆدێرن و .... ئێستا ئەم پرسیارە ئاوا شیدەکرێتەوە کە "فەلسەفەی نوێ لەگەڵ فەلسەفەی کۆندا چی دەکات؟"، "زانستی نوێ لەگەڵ زانستی کۆندا چی دەکات؟"، "هونەری نوێ لەگەڵ هونەری کۆندا چیدەکات؟". ئێوە ئەگەر مۆدێرنێتە وەك شتێکی گشتی وەرگرن و نەریتیش وەك شتێکی گشتی وەربگرن، جۆرە فەزایەکی تاریك پەیدا دەبێت کە هیچ جۆرە وەڵامێك ناتوانرێت بدرێتەوە و هەر وەڵامێکیش وەڵامێکی تەزویر و نادیار دەبێت. بەڵام کاتێك ئەمەمان پەرت پەرت و بەش بەش کرد، وەڵام تارادەیەك رۆشن دەبێتەوە. ئێوە ئێستا بە چاوی خۆتان دەبینن کە زانستی نوێ لەگەڵ زانستی کۆندا چی کردووە. زانستی کۆنی خستوەتە کەنارەوە، زۆر رۆشنە. لەگەڵ زانستی کۆندا ناتوانرێت زۆرێك لەو شتانەی کە لەگەڵ زانستی نوێدا دروستدەکەین، لەگەڵ ئەودا دروستیان بکەین. زانستی کۆن هەمان ئەو توانا و هێزەی هەبوو کە نیشانیدا. ئێستاش کاتێك کە دەڵێین زانستی کۆن، قسەی ئێمە هێشتا نادیارە. زانستی کۆن، پزیشکیی کۆنە؟ فیزیای کۆنە؟ زانستە ئاینییە کۆنەکانە؟ مەبەستمان کامەیانە؟ پزیشکیی کۆن و دەرمانسازی کۆن بگرینە بەرچاو و لەگەڵ پزیشکی و دەرمانسازی نوێ پێوانە بکرێت. ئێستا ئەم پرسیارە بۆ ئێوە زۆر نەرم بووە و وەڵامی ئەویش تارادەیەك بەردەست دەکەوێت. ئەمە قسەیەکی ترە. بەڵام ئەوەی کە پزیشکیی نوێ لەگەڵ پزیشکیی کۆندا چی کردووە، بە چاوی سەر قابیلی سەیرکردنە. هیچ یەکێك لەم نەخۆشخانانە بەو توانا و ئەو ئامێرانەی ئێستا لە رابردوودا بوونیان نەبووە. ئەم زانستە گەورانەی ئێستا وەك: بایۆ کیمیا، چنینسازی، کۆرپەلە سازی و .... کە هەمانن بە رەهایی لە رابردوودا بوونیان نەبووە. ئەو دیزاین و تایبەتمەندیانەی کە لە سەر بنەمای زانستەکانی پلە پزیشکییەکان لەبارەی نەخۆشەکانەوە دادەنرێن، شتێکی ئاساییە کە لە رابردوودا بوونیان نەبووە و بەوشێوەیە... لە هەر یەکێك لە

لقـەکانی تـری زانـستدا هـەر بـەو شـێوەیەیە. ئـەوەی کـە "مۆدێرنێتـە لەگـەڵ نەریتـدا چـی دەکات؟" هەمان ئەو شتەی کە بەش بەشی دەکەیت (هەمان ڕێسای دیکارت) شـتێکی بـاش دەبێت. بگرە رووی پرسیارەکە ڕۆشن دەبێتەوە. ناڕوونییەکان دەچـنە کـەنارەوە و وەڵام زۆر بـە ئاسانی بەدەست دێت. لانیکـەم ڕێـی وەڵامـەکـە ڕۆشـن دەبێتـەوە. ئێـستا مـن یـەك ڕسـتەی "خردنامە"م بە ڕێککەوت بینی: "باسێکی تـری گـرنگ لـەبارەی سـەختگیربوونی (تـصلب) نەریتە. پێویستە ئەوە دەربکەوێت کە ئایا ئەوە جیڕی و سەختییەکی تایبەتی ناواخنی نەریتە یان نا." ببینن! ئەم قسەیە لە ڕاستیدا بۆ بەندە مانایەکی نییە، یانی من هەرچەند مێـشکی خۆم دەخەمەکار شتێك لەمە دەرك ناکەم. "سەختگیری و جیڕی تایبـەتی نـاوەڕۆکی نـەریت" واتای چییە؟ ئاخر نەریت چییە؟ تصلب چییە؟ تایبەتمەندی خودی (زاتی) یـانی چـیی؟ کاتێـك ئێوە یەکسەرە چەمکگەلێك کە هەموویان بە نادروستی بەکارهاتوون پێکەوە کۆیاندەکەیتەوە و بەکاریان بهێنیتەوە، تـاریکی لەسـەر تـاریکی کەڵەکـە دەبێـت و بەدەسـتی خۆتـان ڕێگـەی ڕۆشنایی دەبەستن. ئەو وتارەی کە ڕستەکەم تێدا خوێندەوە تایبەتە بـە مافـەکان. زۆر باشـە، ئێمە مافگەلێکی نەریتیمان هەیە، مافگەلێکی مۆدێرنیشمان هەیـە. پرسـیار لـەبارەی ئـەم دوانەوە ماقوڵە. من هەمیشە وتوومە کە مافە مۆدێرنەکان، زیاتر مافپێدەرن تا ئەرك پێـدەر و مافە نەرتییەکانیش (سوننەتیەکان) زیاتر ئەرکهێنن تا مافدەر. ئەمـەم بـە هـیچ شـێوەیەك لە جیاتی ناوەڕۆك و چییەتی مافەکانی مۆدێرنەوە نەوتووە، بەڵام بە گومانی مـن بـەکێك لـە روخساره بەرجەسـتەکانی جیـاوازی ئـەم دوو سیـستمە مافییـە، لـە بابـەتی پێوانەکردنـدا، ئەمەیە. بە دڵنیاییەوە کەسێك کە مافناس و پسپۆڕە لـە مافەکانـدا دەتوانێـت بـە ڕەهەنـدی قوڵتر و وردتر بگات. بەهەرحاڵ ڕێگەکە ئەمەیە. بەڵام ئەگەر ئێوە لە شتێکی نادیـار بـەناوی نـەریت (سـوننەت) و نادیـارتر بـەناوی تایبەتمەنـدی زاتـی نـەریت بتـەوێت پرسـیار بکـەیت، دەرگاکانی ڕۆشنایی لەسەر خۆتان دادەخەن و هیچکاتیش بـە وەڵامێـك ناگـەن. ببینـە! ١٠-١٥ ساڵە قسە لەبارەی نەریت و مۆدێرنێتەوە دەکرێت، ئێوە بڵێن ئایا ئێمە هەنگاوێك بـەرەو پێشەوە ڕۆشتووین؟ داوەری من ئەوەیە کە هیچ ڕۆشـناییەك لـەناو ئـەم بابەتـەوە نەهاتووەتـە دەرەوە. لەبەرئەوەی ئێمە هەر لە سەرەتادا تاریکخانەیەکمان دروستکرد کە هەر لە بنەڕەتەوە

نور له ناو ئەودا نایەتەدەرەوە. جۆرە دیوارێکی ڕێگری گەورە لێرەدا دروستبوون کە بە هیچ جۆرێك ناتوانێت لە لاکانی ئەم دیوارەوە بێتەوە دەرەوە و ئەم تاریکخانەیە ڕۆشن بکاتەوە. دەبێت ئەم دیوارانە بڕوخێنین و بە جێگەی ئەم دیوارە گەورە و ڕێگرانە، شوشە دابنێین یان دەرگاکان بکەینەوە تا هەم نور و روناکیش بێتەرەوە و هەم هەواش بێتەدەرەوە، هەناسەیەکیش بدەین! لەو حاڵەدا دەتوانین لە ئەنجامێکەوە نزیکتر ببینەوە.

***- من هەوڵدەدەم لە درێژەدا کەمتر لە دەستەواژەی "مۆدێرنێتە" سود وەرگرم و زیاتر لەسەر تایبەتمەندییەکانی دنیای مۆدێرن....***

+ نا، ئێوە خستنەڕووی پرسیارەکانتان با بەهەمان ئەو چەمکانە بن کە باون و چۆن پێتان خۆشە ئاوا قسە بکەن، ئەمە لە ئەستۆی منداپە کە ئەو چەمکانە پەرت بەرت بکەم و هەموو کات نیشانی بدەم کە ئەو هەڵە شاراوانەی لەو زمانەی کە پەیدا بووە لە کوێدایە تا بتوانین چزوی دوپشکی پرسیارەکە دەربهێنین و پرسیارەکە بۆ خۆمان رامبکەین.

***- بەڕێز دکتۆر، بەهەرحاڵ بەرهەمەکانی مۆدێرنێتە لە دنیای نوێدا ئامادەگییەکی کاریگەرییان هەیە، لەم دنیا نوێیەدا گرنگترین کاریگەرییەکانی بەرهەمەکانی مۆدێرنێتە لەسەر ئاین چیبووە؟***

+ لێمگەڕێ من سەرەتا لەم هێرشی نەیارییە کەمێك زیاتر بڕۆم! ئێمە وتمان مۆدێرنێتە لە ڕێگەی میوەکانییەوە بناسین. ئێستا من ئەمەوێت بانگەشەکەم بالاتر ببەم. میوە واتە چی؟ ئەمانە خودی مۆدێرنێتەن. ئەوەی کە فەلسەی مۆدێرن و زانستی مۆدێرن و سیاسەتی مۆدێرن و هونەری مۆدێرن، میوەکانی مۆدێرنێتەن، چ مانایەکیان هەیە؟ مۆدێرنێتە ئەمانەیە. مۆدێرنێتە عیبارەتە لەم رەگەز مۆدێرنانە، ئەمانە لە تەنیشت یەکدا ئەچنین و ئەمە دەبێتە دنیای مۆدێرن.

***- بەڕێز دکتۆر، ئێوە نەشتەرتان دەرهێناوە و پێشتر دەڕۆن!***

+ (بە پێکەنینەوە) تا هەر جێیەك کە دەیبڕێت دەبێت بڕۆیت. بۆچی لە نیوەدا بوەستین؟ سەیرکە! ئێمە بە هاوڕێیەتی ئێوە، پێکەوە لە رکابەرێکی نادیار قسەمان کرد کە ئەمانە میوەکانی مۆدێرنێتەن. ئێستا من ئەمەوێت بڵێم کە بۆچی ئەمانە خودی مۆدێرنێتەن نەك میوەکانی ئەو؟ من وتم کە ئێمە دوو جیهانمان هەیە: دنیای پێش مۆدێرن و دنیای مۆدێرن. خستمەڕوو کە ئەم جیاکردنەوەیە بڕیارێکە کە من کەم و زۆرێك ئەوە پەسەند دەکەن و خستمەڕوو کە پەیوستی نێوان ئەم دوو جیهانە نابێت رەتبکرێتەوە. نابێت تەنیا سەیری لێکترازان و جیایی بکەین. لێکجیایی راستە بەڵام پەیوەستەگیش راستە، گەرچی لێکجیایی ئاشکراترە و پەیوەستی نهێنیتر و پێویستە ئەو بە میکرۆسکۆب بەش بەش و ئەزمونی بکەین، بە بارێکدا، جیهانی مۆدێرن واتە هەمان ئەو شتانەی مۆدێرنە کە ئێستا ئێمە لایەنی چەمکیی ئەوان دەگرینەبەرچاو، گەرنا لایەنە ناچەمکییەکانیشی زیاد بکەن، وەك ئامراز و ئامێرە مۆدێرنەکان، ئیتر ئەمە، خودی مۆدێرنێتەیە. مۆدێرنێتە شاخ و گوێی نییە. بەدوای رۆحێك، سندوقخانەیەك یان تاریخانەیەك نابێت بڕۆین کە ئەمانە لەدڵی ئەودا هاتوونەتە دەرەوە، مۆدێرنێتە هەر ئەمانەیە. ئەم باسە، رێك وەك چەمکی "دنیای دەرەوە" لە فەلسەفەی مەشایی-دا دەمێنێتەوە. مرۆڤ سەرەتا بە زەینێکی نائەزمونییەوە قسە دەکات کە لە جیهانی دەرەوەدا مێز هەیە، کتێب هەیە، دەریا هەیە، ئاو هەیە، خۆر هەیە و....تاد، بەڵام کاتێك زەینی ئاڵۆزییەکی فەلسەفی پەیدا کرد تێدەگات کە ئەمانە لە دنیای دەرەوەدا نین بەڵکو خودی جیهانی دەرەوەن. جیهان لەدەرەوەی شتێکەوە نییە کە ئەمانە لە ناو ئەودا هەبن. خودی جیهانی دەرەوە دەربڕی ئەم مێز و ئەم کتێب و ئەم پیاڵەیە و ژێر پیاڵەیە و ئەم ئەلف و ئەو بایەیە و ....تاد، شتێکی تر نییە. ئەمانە گەر نەبن ئەوا دنیای دەرەوە نییە، نەك ئەوەی کە جیهانی دەرەوە هەبێت و خاڵی بێت و دوای ئەوە پڕی بکەن، چیرۆکی مۆدێرنێتەش شتێکی لەم جۆرەیە بەڵام هێزی وەهمی ئێمە بۆ مۆدێرنێتە دۆخێکی دروستکردوە کە گوایە فەلسەفە و هونەر لەدایکبووی ئەو دۆخەن. لە حاڵێکدا بەمشێوەیە نییە، خودی دۆخ و بەرهەمەکانی هەمان ئەو دۆخەن و لەم شوێنەدا بەکیانگرتووە، هەردووکیان پێکەوەن. لە بابەتی نەریتیشدا (سوننەتیشدا) هەروایە، بەو جۆرە نییە کە

فەلسەفەی پێش مۆدێرن لە نەریتدایە، بەڵکو خودی نەریتە. زانستی پێش مۆدێرن و ... تاد خودی دنیای نەریتن. بەهەرحاڵ بە سۆراخی چیرۆکی ئایندا! یەکەم من لەگەڵ وشەی ئاییندا "دین" کێشەم هەیە بەهۆی ئەوەی لە بەکاربردنی ئەم وشەیەدا بۆنی ئەوەدێت کە گوایە ئێوە بۆ هەموو ئایینەکان یەکەیەکی پێوانەییتان لەبەرچاوگرتوە و ئەوەش وا دەیەوێت لە یەك شوێنەوە مامەڵە بکەیت! و بڵێیت کە ئەرکی ئاین لە دنیای مۆدێرندا رۆشن بکەرەوە، هەر بەو شێوە نومینالیستی، پارتیکولاریستی و مێژوورییەی کە بەندە هەمە، بەمانای ئەوەی کە ئاراستەی تایبەتمەندیە بابەتییەکان و مێژووییەکانی هەر پێدراوێك رێگە بە ئێمە نادات کە شتێك بەناوی "ئاین"ەوە قسەی لەسەر بکەین. فەیلەسوفەکان و مێژوونوسانی ئاین لەم خاڵەوە نزیك بونەتەوە و تارادەیەك هەموو ئەوەیان بڵاوکردەوەتەوە کە ئاینەکان بەرهەمی یەك زات یان یەك رۆحی هاوبەش نین. وردبونەوە و شیکردنەوەی مێژوویی ئەمانەی نیشانداون کە ئایینەکان چونییەکی و هاوبەشییان هەیە، بەڵام یەك ناوەڕۆکییان (ذات واحد) نییە. لەبەرئەوەی هەمیشە لەبارەی "ئایینەکانەوە" قسەدەکەن، بۆیە ئێمە دەبێت بڵێین لە دنیای مۆدێرندا چی بەسەر "ئایینەکان"دا دێت؟ بە هەموو ئەمانەشەوە ئێمە نامانەوێت لەبارەی هەموو ئاینەکانەوە بدوێین، چونکە هەر یەکێك لەوانە چیرۆکێکی جیای هەیە، لەبەرئەوە ئێمە دەبێت بچینە ناو ناوچەیەکی تایبەتەوە کە بە ئەو ئاشناتر و هەستیارترین و بۆ ئێمە بابەتسازتر و چارەنوسساز بووە و هەیە، کە هەمان ئاینی ئیسلامە. پرسیارەکە دەگاتە ئێرە کە لە دنیای مۆدێرندا چی بەسەر ئیسلامدا هاتووە و یان چی بەسەردا دێت؟ تەنانەت خودی وشەی ئیسلامیش کاتێك دەوترێت دەیان مانا لەو دێتە دەرەوە. مەبەستی من خوێندنەوە دینییەکانیش نییە. بەڵێ، ئیسلام شتێك نییە جگە لەو تەفسیرانەی کە بۆ ئیسلام کراون. مەسیحییەتیش شتێك نییە جگە لەو تەفسیرانەی کە بۆ مەسیحییەت کراون. بەڵام مەبەستی من ئێستا شتێکی ترە: جارێك ئیسلام وەك یەك ئاینی شوناس بەخش سەیردەکەین و جارێك وەك یەك ئاینی حەقیقەتخواز. لانیکەمی ئەم دوو لایەنەی هەیە. هەروەك چۆن دینداریش جارێك بژێویگەرە، جارێك ئەندێشەیەکی مەعریفەتگەرایە و جارێکیش ئەندێشەیەکی ئەزمونگەرا. دەتوانرێت روخساری تریش بۆ دینداری و بۆ ئاینی

ئیسلام لەبەرچاو بگیرێت. بە بڕوای من دەبێت هەریەك لەمانە پێویستە جیاجیا لێیان بکۆڵرێتەوە. سەبارەت بە ئاینەکانیتر بەتایبەت مەسیحییەت، وەڵامی پرسیارەکە تا رادەیەك رۆشنە. ئەگەر ئێوە بپرسن لە دنیای مۆدێرندا چی بەسەر مەسیحییەتدا هاتووە، من دەڵێم فەرموون و سەیربکەن! ئەمە دنیای مۆدێرنە و ئەمە رۆژئاوا! لانیکەم لە لایەنی شوناس و رێکخستنەوە دەتوانرێت ببینرێت کە چی بەسەر مەسیحییەتدا هاتووە. سیکۆلاریسم لە رۆژئاوادا بووەتە حاکم و مەسیحییەتی تارادەیەکی زۆر لە کایەی گشتیدا کردوەتە دەرەوە و ئەرکێکی داوەتە کڵێسا کە لەگەڵ ئەرکی کڵێسا لە پێش مۆدێرندا زۆر جیاوازی هەیە. لە بارەی ئیسلامیشەوە ئێمە دەبێت هەنوکە چاوەڕوانی ئەزمونی مێژوویی بین. واتە ببینین کە لەلایەنی شوناسیی و حەقیقەتییەوە چ روداوێك بەسەر ئیسلامدا دێت و چی بەسەر ئەزمونی ئاینی و مەعریفەی ئاینیدا دێت. هەندێك لە وەڵامەکان لەم لایەنانەوە رۆشنە و هەندێکیشیان نارۆشن و دەکرێت ئەوانە تەنها پێشبینی بکەیت.

***- ئەگەر رێگە بدەن لەبارەی ئیسلامی شوناسەوە قسەبکەین کە بابەتگەلێکی زۆر لەبارەی پەیوەندی ئەوەوە بە مۆدێرنێتەوە دەخرێتەڕوو، ئاینی شوناسی چ دۆخێك لە دنیای نوێدا دەدۆزێتەوە؟***

+ دیسان با بە سۆراخی رۆژئاوا زەمیندا بڕۆین، لە دنیای نوێدا یەکێك لەو روداوانەی کە رویانداوە، پەیدابوونی شوناسە تازەکانە. لە رابردوودا، شوناسی ناسیۆنالیستیمان نەبوو، لەبەرئەوەی شتێك بەناوی دەوڵەت- نەتەوەوە بوونی نەبوو. "دار الاسلام"مان هەیە و "دار المسیحیە"مان هەیە (Christendom). لە سەردەمی تازەدا دەوڵەت-نەتەوەکان پەیدابووە و چەمکی نەتەوە هاتوەتە ئاراوە و شوناسێکی نوێ بەناوی شوناسی نەتەوەییەوە پەیدابووە کە سەرەتا وا دێتەبەرچاو لەگەڵ شوناسی ئاینیدا تەبایە بەڵام ئەم دوانە هێدی هێدی ناکۆکییان لەگەڵ یەکدا پەیدا دەکەن. ئەم ناکۆکییە بەهەمانشێوە لە ناو دڵی دنیای مۆدێرنیشدا بوونی هەیە. هەرکاتێك کە ئاین لاواز بووە، ئەم ناکۆکییەش لاواز بووە و هەر کاتێکیش ئاین هێزی پەیداکردووە، ئەم ناکۆکییە (ناتەبایی) هاتوەتەوە بەرچاو. من لەیادمە لە ئەمریکا بووم و

سەردەمی لەشکرکێشی ئەمریکا بوو بۆ عێراق. لە سوپای ئەمریکادا موسڵمانەکانیش بوونیان هەیە. ئەمریکا لەناو ئەو سەربازانەدا کە بۆ عێراقی دەناردن، دەیویست ژمارەیەك لەمانە رەوانە بکات. پرسیارێك هاتە پێشەوە: "ئایا موسڵمانێکی ئەمریکایی مافی ئەوەی هەیە بڕوات بۆ جەنگ بەرامبەر وڵاتێکی موسڵمان؟" ئەم پرسیارە تەنها لە ناوەڕۆکی یەك ناتەبایی نێوان شوناسی نەتەوەیی و شوناسی ئاینییەوە سەرهەڵدەدات و دەڕوێت. وەڵام چیبوو؟ دەوڵەتی ئەمریکا لە چەندین زانای سوننی کە ئەمریکایی بوون و لە ئەمریکا ژیانیان دەگوزەراند فەتوای وەرگرت و ئەو فتوایەی لە رۆژنامە دیارەکاندا بڵاوکردەوە کە شوناسی نەتەوەیی لە پێشترە لە شوناسی ئایینی، و سەربازی ئەمریکایی موسڵمان مافی ئەوەی هەیە و بەڵکو ئەرکیەتی وەك سەربازێك بچێت بۆ جەنگ بەرامبەر عێراق و هیچ ترسێکی لە کوشتن و کوژران نەبێت. ئەوەی کە دەڵێت چی بەسەر ئاینی شوناسییدا هاتوو، ئەمە راستییەکی زۆر روونی ئەو مەسەلەیە. شوناسگەلێکی نوێ لە سەردەمی مۆدێرندا پەیدابوون کە گرنگترینی ئەوانە ئەم شوناسە نەتەوەییەیانەن. ئەڵبەتە شوناسە نەتەوەییەکان زۆر و کەم لە حاڵەتی دۆڕاندندان. یەکێك لەو بابەتانەی کەلەم دواییانەدا هاتوەتە ئاراوە ئەوەیە کە بەچی دەڵێن "ئەوروپا"؟ و "ئەوروپایی" کێیە؟. دەزانیت کە یەکێتی ئەوروپا بەرەبەرە چەمکی "نەتەوەی ئەڵمان" و نەتەوەی ئینگلیز" و "نەتەوەی بەلژیك" و "نەتەوەی هۆڵەند" و.... کاڵ دەکاتەوە. نەتەوەی نوێش لە ئارادان کە دەخرێنە ناو یەکێتی ئەوروپاوە. ئێستا باس لە تورکیا و چونەناوەوەی ئەو وڵاتەیە بۆ ناو یەکێتی ئەوروپا. یەکێك لەو پرسیارانەی کە ئێستا بەرچاوە ئەوەیە کە "ئەوروپایی بوون" بە چییە؟ ئایا تورکەکانیش ئەوروپایین یان نا؟ ناوەڕۆکی ئەورپایی بوون بە چییە؟ و پاش ئەمەش بەو ئەنجامە گەیشتن کە ناوەرۆکێکی لەمجۆرە بوونی نییە. ئەگەر ناوەرۆکێکی (ذات) ئەوروپایی بوون بوونی هەبێت، کەسانێك خۆبەخۆ لە دەرەوەن و کەسانێکیش خۆبەخۆ لەناوەوەن. وتویانە کە ناوەرۆکێك، زاتێکی لەمجۆرەمان نییە. بەهەرحاڵ قسەکە ئەوەیە کە ئەم چەمکی دەوڵەت- نەتەوە (کە تا ئێستاش ماوەتەوە بەڵام ئەڵبەتە بەرەبەرە کاڵبوەتەوە)، لەبەرامبەر شوناسی ئاینیدا دەوەستێت. لەبارەی مەسیحیەتەوە دەتوانرێت بوترێت کە ئیتر شتێك بەناوی شوناسی

مەسیحییەوە لە کایەی کۆمەڵایەتیدا بۆ کەسێك پێناسە ناکرێت، ئەوەی کە تاك بەوەوە دەناسرێت شوناسی نەتەوەیی ئەو تاکەیە. نە لە ناسنامەدا، نە لە پاسپۆرتدا، لە هیچ جێیەکدا تۆمار ناکرێت کە تاك مەسیحییە، تەنها نەتەوەی ئەو تاکە تۆمار دەکرێت. لەبەرئەوەی کە شوناسی نەتەوەیی هاتووە جێگەی شوناسی ئاینی گرتووە و ئەوی خستوەتە کەنارەوە. بەڵام هەروەك ئەوەی کە وتمان بە هۆی لاوازی ئاینەوەیە. ئەگەر شوناسی ئاینی، بەهەر هۆیەك، هێز پەیدابکات ئەم ناکۆکییە زۆر توند دەبێت. ئسوڵییەت شتێك لەمە زیاتر نییە. شوناسی ئاینی لە حاڵەتی دەرخستنی بوونیدایە. واتە ژمارەیەك دەڵێن ئێمە نە ئەمریکایین، نە ئێرانی، نە عەرەب، ئێمە موسڵمانین و ئەمە شوناسی ئێمەیە و بەناوی شوناسی ئیسلامییەوە لەگەڵ ئەمریکادا روبەڕوو بووینەتەوە. ئەمە بە ئسوڵیەت وتراوە و رەنگە باشتر بوایە شوناسگەراییان بوتایە. بەڵام ئەگەر بیانوتایە شوناسگەرایی، رەخنەیەك دەهاتە ئاراوە کە نەیاندەتوانی وەڵامی ئەوە بدەنەوە: ئەگەر شوناسگەرایی خراپە بۆچی خۆتان شوناسگەران؟ چۆن شوناسی ئەمریکایی باشە بەڵام شوناسی ئیسلامی خراپە؟ لەم ئێرانەدا دەبینیت کە زۆر تەپڵی شوناس لێدەدەن، زۆرێك لەوانە بەناوی دروشمە ئاینییەکانەوە لە وڵاتی ئێمەدا بوونیان هەیە، زۆرێکیش لە ناوەڕۆکی وتە مەزهەبییەکانەوە کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەتایبەتی لە تریبۆنە فەرمییەکانەوە پەخش دەبن، بنەماکەشی شوناسگەرایی و پێکهێنانی شوناسێکە بەناوی شوناسێکی ئاینییەوە نەك حەقیقەتخوازی. ئەگەر لە یادتان بێت سەرەتای ئینقلاب (شۆڕشی ئیسلامی ئێران) کەسانێك دەیانویست شوناسی ئێرانی لەبەرامبەر شوناسی ئاینییەوە دابنێن، ئەم مەسەلەیە رێك لە دڵی دنیای مۆدێرنەوە دێتەدەرەوە و ......

***- ئێوە چ وێنایەکتان بۆ ئاینده هەیە؟ وای بۆ دەچن کە هەمانشێوەی بنەماکانی مەسیحییەت-شوناسگەراکان کەمڕەنگتر و کەمڕەنگتر بوون، لە بارەی ئیسلامیشەوە هەمانشت روودەدات؟***

+ نەخێر، من هەرگیز بۆچونێکی لەوشێوەیەم نییە. یەکەم: دیمەنگەلێك کە لەم دنیایەی ئێستادا هەمانن بە هیچ شێوەیەك گەواهی ئەوەنادەن کە روداوێکی لەمشێوەیە لە رێگەدایە. دووەم: بە زاراوەی "چییەتی مێژوو" (بە پێکەنینەوە) بەمشێوەیە نییە. مێژوو پڕە لە رووداوی مومکین و لە راستیدا ئایندە لەمڕووەوە هەمدیس والآیە و روداوگەلێکی لەوشێوەیە روودەدەن کە مرۆڤی ئەمڕۆ بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت گومانیان پێبات. بۆ دۆستێکم باسدەکرد: کە ژمارەیەك لە بیرمەندان بە پێشکەوتنی زانست و کتێب نوسین، نیگەران بوون، لەوەی کەبڕینی درەختەکان و لەناوبردنی جەنگەڵەکان بۆ مەبەستی بەرهەمهێنانی کاغەز و کتێب، زیانێکی گەورە لە روبەری ژینگەیی دەدات، بەڵام ئەوەبوو هێزی یارمەتیدەر لە چاڵەکانی نەوت و گازەوە گەیشت، ئەوانە گۆڕان بە کەرەستەی سەرەتایی بۆ دروستکردنی سیدی و دیسك و کۆمپیوتەرەکان، بە جۆرێك کە بەکارهێنانی کاغەز بە شێوەیەك هاتەخوارەوە و ئەسڵەن رەنگە زانستی ئایندە، زانستێکی بێ کاغەز بێت، شتێك کە ئێمە هەرگیز وێنامان نەدەکرد. ئەوەیە، من دەڵێم تواناکانی مێژوو ئەوەندە هەمەچەشن و بیرلێنەکراوە و گومان بۆ نەبراون ئێمە بە شێوەیەکی رەها لە سوربون و ئیرادەگەرایی مێژوویی دوردەخاتەوە. لەلایەکیترەوە کۆمەڵناسان لەو رایەی کە پێشتر هەیانبوو و دەیانوت "سیکولاریزم ئایندەیەکی نکوڵی لێنەکراوی مێژووە"، تا رادەیەك پەشیمانبونەتەوە. یەکێك لە بەڵگەکانیشیان هەمان دەرکەوتنی ئسوڵییەتگەراییە یان بە دەربڕینی بەندە شوناسگەراییە لە جیهانی نوێدا. شوناسگەلێکی ئاینی ئێستاکە سەریانهەڵداوە و ئەو تێزە سیکۆلارەی کە دەیوت: ئایینەکان روو لە خامۆشی دەکەن و تەنیا لە بوارە تاکەکەسییەکاندا خۆیان نمایش دەکەن، کەم تا زۆر ئەم تێزە پوچ بووەتەوە. هەمیشە لە کۆمەڵناسیدا لەیەك ئیستیسنا قسەوباسیان دەکرد و دەیانوت تەنیا لە ئەمریکا دیندار ماوەتەوە بەشەکەی تری جیهان بە ئاراستەی سیکۆلاریزمدا دەڕوات، بەڵام بەرەبەرە ئیستیسناکان ئەوەندە زیادیان کرد، دەرکەوت هەر لە بنچینەوە یاسایەك بوونی نەبووە تا ئەم هەموو ئیستیسنایە لە خۆ بگرێت. لەبەرئەوە من ناتوانم هیچ پێشبینییەك بکەم، ئەوەی دەتوانم بیخەمەڕوو ئەوەیە یەکلاکەرەوەیەك بوونی نییە کە ئایندەی مێژوو، ئایندەی شوناسە نائاینییەکان بێت. بگرە

ئەگەری ئەوەش زۆرە کە شوناسە ئاینییەکان دوبارە سەر دەربهێننەوە، دوبارە روداوساز و چارەنوسساز بن و ئایندەش بەتەواوی شکڵی جیاوازی لەگەڵ جیهانی ئەمڕۆدا هەبێت. لەبەرئەوە شوناسسازی ئاینەکان دەتوانێت رووی لە بەهێزی بێت، خاڵێکی ئاساییش بڵێم: پێویستە وشیار بین و پێ بەپێی گەشەکردن و فراوانبوونی شوناس، لە گەشەکردن و فراوانبونی حەقیقەتیش بیربکەینەوە، چونکە راستیەکەی ئسولگەرایی عیبارەتە لە زاڵبونی شوناس بەسەر حەقیقەتدا، نە تەنها گەشەکردنی شوناسی ئاینی بەڵکو گەشەکردنی شوناسی ئاین لە بەرامبەر لەناوچوونی راستیەکەیدا، واتە فراوانبوون و هەڵئاوسانی شوناس لەبەرامبەر فەرامۆشی یان لاوازی حەقیقەتدا. ئەم شوناسگەراییە ئاینییە، مانای ناشیرینی ئەوە، خاوەن ڕاکان پێویستە ئاگاداری ئەوەبن روداوێکی نەخوازراوی لەمشێوەیە روونەدات.

***- بەڕێز دکتۆر قسەکانی ئێوە، قسەکانی چەند ساڵ لەمەوپێشی بەڕێز شایگانی هێنایەوە بیرمان، کە دەیوت ئیسلام یان بە شێوەیەکی مەعنەوی پەیدادەبێتەوە یان بە شێوەی ئاینێکی ئسولی دەردەکەوێت و دواییش پەراوێز دەکەوێتەوە، ئایا ئەم دوو رێگەیە پێشڕەویە؟***

+ بە بڕوای من رای سێیەم دەکرێت گریمانە بکرێت و لە مەیداندا ئەوەش بەرجەستە ببێت، ئەویش هاوسەنگی نێوان روخساری راستەقینە و شوناسگەرای ئاینییە. ئەگەر ئەم هاوسەنگییە لە دەست بچێت، یان بە ئسولێەت دەگەین یان بە سۆفیگەری کە جۆرێکە لە زاڵبونی حەقیقەت بەسەر شوناسدا.

***- بەڕێز دکتۆر، چۆن دەتوانرێت موسڵمانێکی ئسولی رابگیرێت بۆ ئەوەی کە دەبێت جەخت لەسەر حەقیقەتی ئاین بکاتەوە و بە نرخی لاوازکردن یان لەناوبردنی ئەو، روخساری شوناسگەرایی ئاین فراوان نەکات؟***

+ سەیرکە، بێ هۆ نییە کە شتێك بەناوی ئسولگەرایی ئاینی پەیدابووە و گەشەیکردووە. من دوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر، کۆڕێکم لە زانکۆی برنستۆن هەبوو و

لەوێدا وتم: "تا ئێوه ململانێتان لەگەڵ شوناسی موسڵماناندا هەبێت، ئەم چیرۆکە درێژەی دەبێت". شوناس و حەقیقەتی حوکمەکان جیاوازییان هەیە. بواری حەقیقەت راستگۆیی و درۆیە. کاتێك کەسێك داوایەکی بەناوی حەقیقەتەوە بۆ ئێوە نمایش کردوە، ئێوە پێویستە لە راستی و دۆرییەکەی بەداوداچوون بکەن. بەڵام شوناس، پەیوەندییەکی بە راستگۆیی و درۆوە نییە. حوکمەکانی شوناس، شکۆمەندی و سوکایەتیی و بچوککردنەوەن(کەرامەت و حەقارەت). هەر شوناسێك، یان گەورەو بە شکۆیە یان سوك و بچوکە، یان لەبارەی شکۆوە بڕیاردەدات یان لەبارەی نزم سەیرکردن و بچوککردنەوەوە. ئێستا ئەگەر گەلێك، گەلێکی تر بە نزم لەقەڵەمبدات و شوناس و شکۆمەندی ئەو رابماڵێت، ئەوا بچوکبوەوەکان و نزم سەیرکراوەکان کاردانەوەیەکی شوناسی نیشان دەدەن. لەبەرئەوە چیرۆکەکە، تەنیا چیرۆکی بەڵگەکاری و لێکۆڵینەوە و لۆژیك نییە. ئەگەر ئێوە لەبارەی هێرشی شوناسییەوە بڕیاربدەن، ئەوا کاردانەوەتان وەك پێویست شێوەی خۆی دەگرێت و ئەمەش روداوێکە لە جیهانی نوێدا روودەدات. پێویستە بۆ لەناوبردنی ریشەکان و ئەنجامەکان لەگەڵ هۆکارەکاندا جەنگ بکرێت. من کەم تا زۆر لەگەڵ تیۆری پێکدادانی شارستانێتییەکان-ی بەڕێز هانتنگتۆندا هاوڕام، نەك وەك پێشبینییەکی مێژوویی. بەڵکو بەو مانایە لەگەڵیدا هاوڕام کە شارستانێتییەکان شوناسن و شوناسەکانیش لەگەڵ یەکدا ململانێ دەکەن. لەبەرئەوە لەوێدا بە دەربڕینی شپنگلەر، پێویستە هاوسەنگییەك لەنێوان کەلتور و شارستانێتیەتدا بێتە ئاراوە. کلتور، بە دەربڕینی ئەو، رۆحی شارستانێتییەکانە و شارستانییەت، جەستەی کلتورەکەیە. ئەگەر لێرەدا هاوسەنگییەك لە ئارادا نەبێت، ناکۆکی و ململانێی روداوێکی نکوڵی لێنەکراوە. وەك ئەوەی کەسێك زۆر پڕزۆر و زۆردار بێت بەڵام مێشکێکی بچوکی هەبێت، ئەم مرۆڤە تەنیا بەدوای ململانێی و ناکۆکییەوەیە.

***- لەبارەی شوناسەوە قسەتان کرد، لەبارەی حەقیقەتیشەوە بڵێن.***

+ بەڵێ، لە راستیدا ئەمە تەواوکەری پرسیارەکەی پێشووە. دەبێت ئەمەش بەپێی بەشەکانی خۆی بەش بەش بکەین. ئەم پرسیارە بۆ چەند پرسیارێکی تر دابەش دەبێت: "فەلسەفەی نوێ چی بەسەری ئیسلامدا دەهێنێت؟"، "زانستی نوێ چی بەسەر ئیسلامدا

دەهێنێت؟"، "هونەری نوێ چی بەسەر ئیسلامدا دەهێنێت؟" و ...تاد، ئەمە هەمان مانای سادەی دەربڕینی گەورەی "پەیوەندی ئیسلام و مۆدێرنە"یە. واتە ببینین فەلسەفەی نوێ چی بەسەر ئیسلامی راستەقینە (حەقیقەت)، واتە ئەو تەعالیمانەی کە لە ئیسلامەوە هاتونەتە دەرەوە، هێنا. بۆچونەکان لێرەدا جیاوازییان هەیە. بەرێز موتەهیری باوەڕی وابوو کە فەلسەفەی ئیسلامی، فەلسەفەیەکی زۆر بەهێزە و لە کرۆکی وەڵامدانەوە بۆ کێشە فەلسەفییە نوێکانەوە دێتەدەرەوە و لە دڵی ئیسلامیشدا هیچ هەڵەیەکی فەلسەفی بوونی نییە. ئەمە بۆچونێکە. بوچونی تریش هەیە. بەندە نە باوەڕم وایە کە فەلسەفەی ئیسلامی بەهێزترینی فەلسەفەکانی جیهانە، نە باوەڕیشم وایە کە وەڵامی سەرجەم پرسیارە فەلسەفییەکان دەداتەوە و نە باوەڕیشم وایە کە لە دڵی ئیسلامدا، سیستمێکی فەلسەفەی شایستەی هێنانەدەرەوە بێت. "زانستی نوێ چی بەسەر ئیسلامی حەقیقیدا دەهێنێت؟"، ئەمە بەبڕوای من پرسیارێکی زۆر گرنگترە لە دنیای ئێستادا. چەند مانگێك پێشتر سیمینارێك بەناونیشانی "زانست و ئاین" لە تاران و لە ژێر چاودێری دەزگای حیکمەت و فەلسەفەدا سازکرا. من لێرە نەبووم بەڵام بەدوای هەواڵەکانیدا دوراودور دەڕۆشتم، چونکە زۆر ئارەزووی ئەم بابەتە دەکەم. یەکێك لەو شتانەی کە زۆر سەرنجی منی راکێشا، راسپاردە و بەیاننامەی کۆتایی ئەم سیمینارە بوو، کە بەڵگەی پێنەگەیشتوویی و خۆبەزلزانی بوو، خۆبەزلزانیەکە دەرهاویشتەی پێنەگەیشتووییەکە بوو. بەیاننامەکە سێ چوار بەند زیاتری تێدا نەبوو و بە بڕوای من ئەوە یەکێك لەو خوێندکارە سفرکیلۆمەتریانە نوسیبووی کە هیچ ئاگایەکی نە لەمێژوو، نە لە دنیای نوێ، نە لە زانست نەبوو. کاتێك ئەوەم خوێندەوە زۆر دڵنیگەران بووم. یەکێك لە بەندەکانی ئەو بەیاننامەیە ئەوە بوو کە ئێمە موسڵمانان هیچ ناتەباییەکمان لەنێوان زانست و ئایندا نییە، دەتوانین لەم زەمینەیەدا هاوکاری جیهانیان بکەین و ئەوان لەم کێشە و قەیرانە رزگار بکەین. لەم قسەیەدا، خۆبەزلزانییەکی نەزانانە لە نەگەییوی خۆیدا شەپۆل دەدات. بەڵێ! ئێمە جۆرە ناتەباییەکی لەو شێوەیەمان نییە بەڵام لەبری ئەوەی کە سودمان پێگەیبێت زیانمان لێکەوتوە. ململانێیەك کە زانستی نوێ لەگەڵ کڵێسا و کتێبی پیرۆزدا پەیدای کرد، ململانێیەکی زۆر پڕ بەرەکەت بوو. بەرەکەتی ئەم

ململانێیه هەم بە زانست گەیشت و هەم بە ئاینیش، هەم بە هەڵگرانی زانست و، هەم بە هەڵگرانی ئاینیش. ئەو بەرەکەتە لە یەك قسەدا کروتبکەینەوە ئەوەبوو هەم زانستی خاکیتر (متەوازع) کرد و هەم ئاینیش. هەم ئاین تێگەیشت کە بەرەکەی تا کوێیە، تا پێی لەوە درێژتر رانەکێشێت، هەم زانستیش. ئەڵبەتە ئاگربەستیش لەنێوان ئەم دوانەدا هاتەئاراوە. من ناڵێم کە ناکۆکییەکە چارەسەرکرا و کۆتایی هات. نەخێر، بەڵام ئاگربەست کرا، ئاگربەستێك کە جارجاریش دەشکێنرێت بەڵام هیچ کات ناگاتەوە بەو گەرمییەی چوار سەدەی رابردوو. ئێمە ئەم ناکۆکییەمان نییە. ئەگەر رۆژێك جۆرە ململانێیەکی لەمجۆرە بێتە ئاراوە و توانابیە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکان بۆ پێکدادانی راستەوخۆی ئەوان بێتەکایەوە، بە گومانی من پێویستە لەوێدا داوەری بکەین کە ئاین چۆن لەم ناکۆکییە بێتەدەرەوە. داوەری و حوکمی من ئەڵبەتە ئەوەیە کە خۆبەزلزانی و غروری هەڵگرانی شەریعەت زۆر کەمدەکاتەوە و شتێکی هاوشێوەی لەم بەیاننامەیە ئیتر نایەتەدەرەوە. دەشکرێت لە سیاسەتی نوێ پرسیار بکرێت. ئەم بابەتە بە هەمان چیرۆکی سیکۆلاریزم دەگات. ببینین سیاسەتی نوێ، ئاین دەهێنێتە مەیدانەوە یان دەیخاتە کەنارەوە. داوەری من لێرەدا ئەوەیە بەر لەوەی چەمکی یان زەینی (تیۆری) بێت، لایەنی کردەیی و دەرکی هەیە. بە رای من، ئەمە پەیوەندی بە هێزی ئاینەوە هەیە. واتە من باوەڕم وایە نابێت وا بیربکرێتەوە کە جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت ئامۆژگارییەکی تایبەتی کەسێك بووە (ئیتر لەسەری چاکییەوە یان خراپییەوە بێت). فەیلەسوفانی سیاسەت ئەڵبەتە لەمبارەیەوە زۆر قسەیان کردووە بەڵام لە راستیدا ئەوەی دیاریکەرە، خودی لاوازی و بەهێزی ئایینە. هەمان ئەم ململانێیەی ئاین و زانست یەکێك لە هۆکارەکانی لەدایکبوونی سیکۆلاریسم بوو لە رۆژئاوازەمیندا، شتێك بە گشتی کەمتر سەرنجی لێدەدرێت. واقیع ئەوەیە کە لە ململانێی زانست و ئایندا، ئاین بێ ئیعتبار یان کەم ئیعتبار بوو و زۆر لە هێزی پێشتری خۆی لە دەستدا و هەرگیز نەگەڕایەوە پێگەی پێشتری خۆی. باشە، ئەکتەری لاواز ئیتر جارێکیتر ناهێنرێتەوە ناو نمایش. ئەم ئەکتەرە تا کاتێك بەهێز بوو، لە ناو نمایشدا بوو و قسەی لە کایەی توانا و سیاسەتدا هەبوو. ئەسڵەن پێناسەی سیاسەت چییە؟ سیاسەت واتە تیۆری هێز، و بەکارهێنانەکانی هێزە. ئەگەر ئێوە لە کایەی

سیاسەتدا، بوویەکی بەهێز نەبن، گرنگی بە ئێوە نادەن، بەڵام کاتێك بەهێزبوون دەچنە ناو سیاسەتەوە و ئیتر ناکرێت ئێوە لەبەرچاو نەگیرێن. دروست وەك ئەوە وایە کە ئێوە ئەنجومەنێکی راوێژکاری پێکدەهێنن، دیارە عاقڵەکان و خاوەن راکانی گەل کۆدەکەنەوە تا راوێژیان پێبکەن، خۆ منالێکی پێنج ساڵە ناهێننە ناو ئەنجومەنی راوێژەکەوە. بەڵام کاتێك ئەو بالغ بوو، گەورە بوو و پاراوتر بوو ئەو کات ئەو دەهێننە ناو نمایشەکەوە. کایەی سیاسەتیش هەمانشێوەیە، کاراکتەری لاواز ناهێنرێتە ناو نمایشەوە، قسەی ئەو نابیسترێت. ئاین پێگەیەکی بەهێز بوو، هێزیشی لەوەدا بوو کە لە دڵی خەڵکدا جێگەی خۆی کردبویەوە، پشتیوانییەکی ئیمانی هەبوو، بەڵام کاتێك ئەم پشتیوانییە ئیمانی و دڵییە لاواز بوو، ئاینیش ئاسایی لاوازبوو، لە کایەی سیاسەتیشدا گرنگییەکەی نەما و بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی، بە بێ ئەوەی ئامۆژگاری و فرمان و بەڵگەکارییەك لە ئارادا هەبێت، خۆی لە سیاسەت جیابوویەوە. رێك وەك ئەوەی کاتێك ژن و پیاوێك دەیانەوێت جیاببنەوە. ئەمە لایەنێکی ئیرادی و ماف-ی هەیە. بەڵام کاتێك یەکێك لەوانە دەمرێت، ئیتر ئەمە پێویستی بە ئامۆژگاری و ویستنی ناوێت، ئەمە جیابونەوەیەکی ئاساییە. ئەوکاتەی ئاین و سیاسەت لەگەڵ یەکدا بوون، هاوکاری یەکیشیان دەکرد و هێزێکی دانپیانراویان هەبوو، جارێك ئەم بەگوێی ئەودا دەیچرپاند و جارێکیش ئەو بە گوێی ئەمدا. بەڵام بەرەبەرە کار بە جێیەك گەشت کە یەکێك لەم دوو هاوسەرە ئەوەندە لاواز بوو کە گیانی لەدەستدا، ئیتر جێیەك بۆ ئەوەی کە ئێمە دەستورسێك بنوسین یان ئیستدلالێك بکەین نەمایەوە. بە هەمان بەڵگە من لەو باوەڕەدام ئەگەر ئاین دوبارە هێز پەیدا بکاتەوە، لەگەڵ سیاسەتدا جێگەیەك دەگرێتەوە و ئیتر سیکۆلاریزم بەو شێوەیەی ئێستا نامێنێتەوە. دەرکەوتە نوێکانی ئەم کارەش بە بڕوای من ئاشکرا بووە. هەموو شتێك لێرەدا لە بازنەی هێز و تواناییەکاندایە. پەیوەندی بەوەوە هەیە کە دەسەڵاتی هێز لە چ ئاستێکدا بێت. لایەنێکی پڕهێز بە ئاسانی ناتوانرێت بخرێتە کەنارەوە و پێی بڵێن "تۆ مەبە". ئەوەی لە ئەوروپا و ئەمریکا سیکۆلاریزم بەرقەرارە هۆکەی ئەوەیە کە ئاین ئەو جێگەیەی پێشتری لە دڵەکاندا نییە، نیشانەکەشی هەر ئەمەیە کە ئێوە لەگەڵ کەسێکی ئەهلی زانست، یان خەڵکی ئاساییدا یا....تاد دادەنیشیت، و پێنج

سەعات لەگەڵ یەکدا قسە دەکەن، بەڵام قسەیەك لەبارەی خودا و ئەرکە ئاینییەکانەوە نایەتە کایەوە، ئەمە نیشانەی سیکۆلاریزمە. لە کاتێکدا ئەگەر ئێوە لەگەڵ مرۆڤێکی ئاینیدا دابنیشن، دەبینن هەردەم راڕایی ئاینی هەیە: "ئەم کارەم هەڵەیە، ئەو کارەم راستە"، "حەڵاڵە یان حەرام؟"، قسەکانی لە فلانە زانای ئاینییەوە دەگوازێتەوە، فەرمودە یان ئایەتێك دەخوێنێت و ...تاد. بەڵام کاتێك ئەمانە نیە ئێوە تێدەگەن هەر لە بنەڕەتەوە زەینی مرۆڤ لەم جۆرە شتانە خاڵییە. ئاین پێویستە لە دڵی خەڵکدا بێت، ئاین کاتێك لاواز و دیار نابێت، ئیتر لە سیاسەتدا ئەژمار ناکرێت. بە وتەی سەعدی "هیچ کەسی"یە. بەڵام ئەگەر ئەم "هیچ کەس"ە، سبەینێ دوبارە بوویەوە بە کەس و گیان و هێزی لە خۆگرتەوە، مەحاڵە بتوانن ئەو نادیدە بگرن، دوبارە پێویستە لەگەڵیدا بچنە مامەڵەوە. بە بڕوای من چیرۆکەکە تەنها چەمکی (تیۆری) نییە، لایەنێکی واقیعی-کردەیی-دەرەکیشی هەیە.

***- ئێوە فەرموتان پێویستە لە نێوان ئیسلامی شوناس و ئیسلامی حەقیقەتدا هاوسەنگییەك رابگیرێت، وەك کۆتا پرسیار ویستم بپرسم بە بڕوای ئێوە ئەولەویەتی رۆشنبیرانی ئاینی لە بەرجەستەکردنی ئەو ئامانجەدا پێویستە چی بێت؟***

+ رۆشنبیری ئاینی زیاتر لەوەی بە شوناسی ئاینیەوە سەرگەرم بێت، خەریکی حەقیقەتی ئاینی بێت. شوناس بۆ رۆحانیەتە. ئیسلامی رۆشنبیرانی ئاینی، ئیسلامی حەقیقەتە و شوناس لقێکە لەو. رۆشنبیری ئاینی لە هەر شتێك زیاتر پێویستە بە ئیمان، ئەزمونی ئاینی و تەفسیرە جیاوازەکانی ئاین و فەراهەمکردنی توانای بە کردەییکردنی ئەوانەوە خەریك بێت.

- سوپاستان دەکەین لەوەی کە کاتی خۆتان بۆ ئێمە تەرخانکرد.

+ منیش مەمنونم.

سەرچاوە:

http://www.drsoroush.com/Persian.htm